کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 27-5-2007 16:18

## نەفرەت لەو ڕۆژانەی لەگەڵ نەوشیروان مستەفا ژیام - جەرەسی دووەم .. کۆمپانیای (وشە) دیوی دوەمی سیاسەتەکانی مام جلالە ... شەپۆل کەلاری

بۆ جەرەسی یەکەم کلیکەی ئێرە بکە
بۆ نوکەکەش کلیکەی ئێرە بکە

لەوەتەی مام جلال هەیە پەیڕەوی سیاسەتی دوو دیوی دەکات، دیوی یەکەمیان خۆی سەرپەرشتی دەکاو سەرپەرشتی دیوی دوەمیشی بە نەوشیروان مستەفا سپاردوە، هەر ئەوەشە وای کردوە لە سیاسەتی شەڕو ئاشتیدا سەرپشك بی، کەی شەڕ لە بەرژەوەندی خۆییو حیزبەکەی بوبی ئەوا نەوشیروان وەك دێوەزمەی شەڕ دەرکەوتووە فوی بەبوقی جەنگدا کردووە هیچ دەرفەتێکی بۆ ئاشتی نەهێشتۆتەوە، هەرکاتێکیش ئاشتی لەبەرژەوەندیان بوبی ئەوا نەوشیروان وەك ژیشك سەری بردۆتەوە ناو قاوغی پردرك و دالێو مام جەلال وەك فریشتەی ئاشتی خۆی دەرخستووەو کاغەزی سپی واژۆ کردوە.
نەوشیروان مستەفا زیاتر لەچل ساڵە سێبەری سیاسی مام جەلالەو بۆ ساتێك لێی جیا نەبۆتەوە، پرسیار ئەوەیە دوای ئەو ماوە دورو درێژە چۆنە نەوشیروان مستەفا بەتەنها کۆمپانیایەکی ڕاگەیاندن لەو شەراکەتە سیاسیە دەردەچیو باقیەکەی بۆ مامەو کەسانی تر بەجی دێڵێ؟. وڵامی ئەو پرسیارە دەمانگێڕێتەوە بۆ سەرەتای دامەزراندنی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان و ئەو دەورە کاریگەرانەی نەوشیروان مستەفا وەك ئەکتەرێکی کارامەو شارەزا لەو شانۆ گەریەدا دیونی کەمام جەلال دەرهێنەریەتی.
بیرۆکەی دامەزراندنی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوا، کە لە ساڵی 1964 لەناو تەپو تۆزی پێکدادانی مخابەراتی عێراقیو ساواکی ئێران گەیەنرایە هەمەدان و لەکۆنە کارگەیەکی شقارتە گەرای دامەزراندنی دانرا.
بەپێی ڕێکەوتنێکی نێوان ئەودوودەزگامخابەراتیە لە هەمەدانەوە سنورداشی سیاسی کران، بەپلانێکی پێش وەخت لەدۆڵە ڕەقە پشویەکی مخابەراتیان پی وەرگیرا، لە بێدەنگی یە کەم شەوی ساڵی 1966 وەك تۆپی شەقێن ساواك گۆڵی مخابەراتی عێراقی پی هەژاندن، ئیتر لەوکاتەوە ئەوەی چاوەڕوان نەدەکرا ڕوی داو چاوساغی دوژمنانیان کردە بەشێك لە فەرهەنگی کوردایەتیو لە پێخەفی داگیر کەرانی کوردستاندا چونە خەوی خیانەتەوە.
ئەوە سەرەتای دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بو، کە دەکری بە قۆناغی گەرا دانانی ئەو ڕێکخراوەی ناو بەرین.
کەلە کۆتایدا بەپی هەڵمیزتنێکی مخابەراتانە ئەو گەرایە تورکاو، وەك زێروو بەمەڵاشوی بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردەوە نوساو تا ئێستاش خوێنی تەباییو برایەتیو لێك گەیشتنی کورد دەمژێ.
ئەم قۆناغە تا ساڵی 1970 درێژەی کێشا، لەو ساڵەدا ڕێککەوتنی ئازار لەنێوان بەعس و شۆڕشی کورد مۆر کرا، بەوەش ڕێککەوتنە مخابەراتیەکە لێك هەڵوەشاو مام جەلال بەرەو باوەشی کورد گەڕایەوەو ناوی لێنا یەکگرتنەوەی هەردو باڵەکەی پارتی، شۆڕشیش گەڕانەوەی مام جەلالی ناونا لێبوردن لەخیانەت کاران، ئەوەیان لێبوردنە یان یەکگرتنەوە یان هەر ناوێکی تری لێی دەنێن کەیفی خۆیانە.
ئەوەی گرنگە نەوشیروان مستەفا لەسەرەتای شەستەکانەوە تاساڵی 1970 لەمام جەلال دانەبڕاوەو پێی لە پاژنە پێی ناوە، لەو ماوەیەدا سەرنوسەری گۆڤاری نور بوە کەلە چاپخانەی حیزبی بەعس و لەژێر چاودێری ئەمنە زیتەڵەکانی حیزبی بەعس دەر دەچوو، لەو گۆڤارەدا قەڵە مەکەی کاك نەوشیروان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەسەر کوردو پێشمەرگەدا دەڕشایەوە، جنێوی بەعسیەکانی وەر دەگێڕایە سەر زمانی کوردیو بەچیاکانیو شۆڕشی کوردی دەگوتن. دوای ساڵی 1970 یەکێتی نیشتیمانی کوردستان پێی نایە قۆناغێکی نوێوە، کە قۆناغی مت بون و چونە ناو قۆزاخەوە بو، لەو قۆناغەشدا مام جەلال سیاسەتی خشکۆڵی گرتە بەر، بۆ نیشاندانی دڵسۆزیو ڕاکێشانی سەرنجی مەلا مستەفا چوە ناو دەزگای پاراستن و وەك ئەندامێکی کارای ئەو دەزگایە هەڵدەسوڕا، لەماوەی نێوان ساڵی 1970 تا 1975 مام جەلال دولانکەی سیاسی ڕادەژاند، یەکەمیان لانکەی پاراستن بوو، کەبوکە شوشەیەکی زڕی تێدا دەسرازە بەند کردبوو، دوەمیشیان لانکەی سیاسەتی خشکۆڵی بوو کە کۆرپە ڕەسەنەکەی خۆی تێدا خەواندبو.

لەو ماوەیەدا کاك نەوشیروان سەرکردایەتی باڵی سەربازی حیزبە خشکۆڵیەکەی مامەت پی سپێردرا!!

بەفیتی دەزگا ئەمنیەکانی حیزبی بەعس لە سلێمانی ڕومانەی دەستیت فڕی دایە ناو باخچەی ساوایان، گۆڕە پانی گەمەو هەڵپەرکێت لی کردنە مەیدانی جەنگ و رق و کینەت بەخوێنی ئەو پەپولانە دامرکاند، ئەگەر ئێستا مابونایە دەتخزاندنە کێ بەرکیی سلێمانی چێتیەوە، دواتر بەسەیارەی ئەمنی سلێمانی دەرباز کرایو لەبەغداوە ڕەوانەی وڵاتی نەمسا کرای، لە ملحەقی سەقافەی سەفارەتی عێراقی بەئیش خرای، لە نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوش هەر لەوڵاتی نەمسا کتێبێکت بەناوی لە کەنارەکانی دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ نوسی، باشتربو ناوی کتێبەکەت بەناوی لە سەفارەتی عێراقیەوە بۆ خڕی ناوزەنگ بوایە.

ڕەنگە کەسانێك هەبن و بپرسن چۆن نەوشیروان ڕومانەی دەستی فڕی داوەتە ناو باخچەی ساوایان؟ چۆن لەملحەقی سەقافەی سەفارەتی عێراقی ئیشی کردوە؟ چۆن سەر نوسەری گۆڤاری نور بوە؟

ئەگەر ئەوە ڕابردوی بی چۆن دەتوانی باسی گەندەڵیو ڕیفۆرم و پاکی خۆی بکات!!!؟؟؟

وەڵامی ئەو پرسیارانە ئەو نوکتەیەمان بیر دەخاتەوە کە جارێکیان کۆلکە نوسەرێك لە ئەنشتاین دەپرسی تۆ بۆچی دەنوسی؟ ئەنشتاین لەوڵامدا دەڵی بۆ پارە، کۆلکە نوسەرەکە زۆر بەئەنشتاین پی دەکەنی، دواتر ئەنشتاینیش لێی دەپرسی تۆ بۆچی دەنوسی؟ کۆلکە نوسەرەکەش دەڵی بۆ ئەدەب و ڕەوشت، ئەنشتاین دەڵی: کاکە هەردوکمان بۆ ئەوە دەنوسین کەنیمانە، من پارەم نیەو بۆ پارە دەنوسم، تۆش ئەدەب و ڕەوشتت نیە، بۆیە بۆ ئەدەب و ڕەوشت دەنوسی، کاك نەوشیروانیش کە لە هەمو ژیانیدا ڕۆژێك لەگەڵ ئەم کوردە لێقەوماوە پاك نەبوە، ناچارە بۆ پاکی خۆی بنوسی بۆ ئەوەی خەڵك بەپاکی بزانی.

مامە لەساڵی 1975 دەرفەتی بۆ ڕەخسا، وەك نەبای دیبیو نەباران حاشای لەلانکەی پاراستن کردو لەکۆڵانانی فری داو هاواری کرد ئەمەیان زۆڵەو لەناچاریدا ڕامدەژاند، سەرلانکەشی لەسەر کۆرپە ڕەسەنەکەی لاداو سیاسەتی خشکۆڵی گۆڕی بۆ سیاسەتی هەڵگشتیو هەزارو یەك بەندو باڵۆرەی بۆ ئاش بەتاڵ و خیانەتی مەلا مستەفای بارزانیو بەدناوی دەزگای پاراستن لێ دەدا، لەم هەمو ئاخۆران و ماخۆرانەدا نەوشیروان هەر ئامرازی جی بەجی کاری سیاسەتەکانی مامە بوە، ئەوەی لەسیاسەتدا فێری بوە وشەی (بەڵی مامە) بوە، ئێستا دەیەوی بەکۆمپانیایەکی زەبەلاحی وەك کۆمپانیای (وشە) بەوشەی (نەخێر مامە) فێڵمان لی بکاو بنێشت بەچاومانەوە بنوسێنێت.

لەساڵی 1976 دوای ئەوەی قۆزاخەتان لەسەر خۆتان لاداو بەئاشکرا یەکێتی نیشتیمانی کوردستانتان ڕاگەیاند، یەکەم کۆبونەوەی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتیمانی لە پایتەختی سوریاو لەژێر چاودێری وردی حیزبی بەعسی سوری بەسترا، تۆ هاوشانی مامە بوی! یەکەم گۆڤاری (الشرارە) کەزمانحاڵی ئەو یەکێتیە بو کە ئێستا تۆ بەناو لێی هەڵگەڕاویەوە، لەچاپخانەی حیزبی بەعسی سوریو لەژێر چاودێری

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 16:18 27-5-2007

ئەمنە بەدیقەتەکانی حیزبی بەعس دەرچو، قەڵەمی تۆ هەڵسورو داسوڕی بەلاپەڕەکانی دەکرد، کەچی ئێستا فەلسەفەی کوردایەتیو ڕیفۆرم و دژە گەندەڵ بەکوردو هاوڕێکانی خۆشت دەفرۆشی!!!

پوختەی مەبەست: کاک نەوشیروان لەوەتەی تۆ هەی هەڵگری سەفەرتاسی سیاسەتی مام جەلال بوی، گۆڤاری نور لە چاپخانەی حیزبی بەعس و لەژێر چاودێری ئەمنە چاو زەقەکانی حیزبی بەعسی عێڕاقی دەر دەچو، تۆ خزمەتی سیاسەتی مامەت پی دەکرد! (الشراره) زمانحاڵی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوە لە چاپخانەی حیزبی بەعس و لەژێر چاودێری ئەمنە چاو زەقەکانی حیزبی بەعسی سوری دەر دەچو، تۆ هەر خزمەتی سیاسەتەکانی مامەت پی دەکرد!!!

تۆ لەوەتەی هەی خزمەتی دیوی دوەمی سیاسەتەکانی مام جەلال دەکەی، کۆمپانیای وشەش لەگۆڤاری نورو (الشراره) بەدەر نیە، نەوشیروانیش هەر نەوشیروانەکەی ساڵانی ڕابردوەو لەبەرگێکی تردا نمایشی خۆی دەکات. پێشتر وتمان شەڕو ئاشتی هەمیشە لە باخەڵی مام جەلال دابوە، بەهۆی ئەو سیاسەتە دوو دیویەی پەیڕەوی کردوە، تۆش نەخشی دیوی شەڕەکەیانت کردوە، دەڵێن: (پیاو ئەگەر شەڕیش بکات بەشی ئاشتی وەهێڵی) بەڵام ئێوە پێچەوانەی ئەو پەندەش دەجوڵێنەوە، کەئاشتی دەکەن بەشی شەڕی تێدا دێڵنەوە، کۆمپانیای وشە بەشی ئەو شەڕەیە کەلە ئاشتی ئێستاتاندا هێشتوتەوە، ئەو شەڕەی کۆمپانیای (وشە) ش بەرپای دەکات دەبی بەشەڕەکانی ڕابردو بلێین شاییو لۆغان.

کاک نەوشیروان: ئەو قەسپەی تۆ دەیخۆی دەنکەکەی لەبەرکی مندایە کۆمپانیای وشە تەنها لەیەک خاڵدا لە (نور) و (الشراره) جیایە، گۆڤاری نورو (الشراره) یەك ئامانجیان هەبو کەدژایەتی کردن و ناشیرن کردنی پارتیو بنەماڵەی بارزانی بوو، بەڵام کۆمپانیای (وشە) دو ئامانجی هەیە، لەیەکەمیاندا لەگەڵ ئامانجی نورو (الشراره) یەك دەگرێتەوە، دوەمیشیان دژایەتی کردنی کاك کۆسرەتە، خۆت و مامە دەتانەوی کش کۆسرەت بکەن، بەڵام بەپلانێك کەکۆمپانیای (وشە) بەڕێوەی دەبات چونکە ناتانەوی جەماوەری کاك کۆسرەت بەم لاو لایایاندا بڕواو لەدەستی بدەن، لەبەر ئەوەی کاك کۆسرەت لەڕوی جەماوەریەوە لە هەردوکتان بەهێز ترە، بۆیە دەبی هەمومان بلێین: خوایە کاك کۆسرەت لەشەڕی مام جەلال و نەوشیروان و بەڵای کۆمپانیای وشە بەدور کەی.

بەجەڕەسی سێهەم سەرو دڵت دەگرمەوە و چاوەڕوان بە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.